# نانی رووت تا دەقێکی رووت

"تەنها کەسێك هەبێت ئاواتی مردنی بخوازم باوکمە"

## ئەڤین ئەبابەکر

ئەوەندەی من ئاگاداربم نانی رووت بەناوبانگترین کاری ئەدەبی محەمەد شوکری یە، ئەو ساڵی 1935 لەدایك بووەو ساڵی 2003 بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە، ئەم رۆمانە ساڵی 1973 بە زمانی ئینگلیزی وپاش 7 ساڵ لەو رێکەوتەش بە زمانی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە، (2) دوو ساڵیش پاش چاپە فەرەنسییەکەی، کراوەتە عەرەبی و بەڵام هەر زوو لەلایەن حکومەتی مەغریبییەوە قەدەغەکراوەو کۆکراوەتەوە، رێگە بە بڵاوکردنەوەی نەدراوە تا سەرەتای ساڵی 2000، لەبەرئەوە نا کە دەقەکە تێکەڵ بە ئاین و سیاسەت دەبێت، وەك ئەوەی لەتەواوی وڵاتە داخراو و ستەمکارییەکاندا قسە کردن لە سەر ئەم دووانە یاساغ و قەدەغە کراون، نەخێر لەبەرئەوەیە کە یەکەم نانی رووت خۆی لە بنەڕەتدا تێکستێکی رووتەو دوومیان دژایەتی کردنی رۆمانەکە بۆ ئەو هێڵە سەرەکییە دەگەڕێتەوە کە خودی رۆمانەکەی لەسەر دەڕوات، بەڵێ هێڵی سەرەکی رۆمانەکە شەڕکردنە لەگەڵ ئەو چەمکە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگاکەی نووسەری لەسەر بنیات نراوە. باوك ئەو بوونەوەرەی ناو رۆمانەکەیە کە محەمەد دەیەوێت تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە، یان بەمانایەکی دیکە پەرچەکردارێك بنوێنێت لەبەرامبەر تەواوی ئەو کار و رەفتار یان هەڵسوکەوتە دڕندانەییانەدا کە باوکی کردوویەتی. لێرەوە ئەو دەقە دژایەتی دەکرێت کاتێك هەڵدەکوتێتە سەر باوك، وەختێ باوك دەبێت بەچەقی کۆمەڵگا. پاشان خاڵێکی دیکە دەبێت بە هەند وەربگیرێت لە قەدەغەکردنی رۆمانەکەدا لە کۆمەڵگا عەرەبییەکەدا، ئەویش ئەوەیە کە نانی رووت خۆی لە خۆیدا دەقێکی رووتە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە بۆ دەبێت لە وڵاتێکدا دزی هەبێت، تاوانکاری لەلوتکەدا بێت، قەحپەیی لە کۆڵانەکاندا بەئاشکرا دەنگ هەڵبڕێت، بەڵام وەك تاهیر بن جەللون لەپێشەکی رۆمانەکەدا نووسیوویەتی"کەواتە زۆر مەترسیدارە لەسەر کلۆڵی ژیان بنووسی وەك لەوە تێیدا بژی".

قەدەغەکردنی رۆمانێك یان هەر دەقێکی ئەدەبی کە لە کۆمەڵگایەکی باوکسالاریدا هەڵبکوتێتە سەر باوك، ناشیرینییەکانی کەشف بکات، رق لەبەرامبەری دروست بکات، شتێکی چاوەڕوانکراوە، بۆ من قەدەغەکردنی رۆمانەکە شتێك نییە، جێگەی سەرسوڕمان بێت، چونکە پاش ئەوەی چەند لاپەڕەیەکی لێدەخوێنینەوە تێدەگەین، بەرەو کام ئاراستەمان دەبات، دەیەوێت چیمان پێبڵێت. کەم رۆمان هەیە بە قەد نانی رووت هێڵە سەرەکییەکانی خۆی وا بە ئاسانی کەشف بکات، نانی رووت دەقێکە بەبێ ئەوەی ماندوومان بکات، خۆیمان بەدەستەوە دەدات، بە پێچەوانەی ئەو دەقانەوە کە زۆرجار لە پێچاو پێچەکانیدا ون دەبین، ئەو رۆمانە نەدەیەوێت بەتەکنیکەوە تووشی هیلاك بوونمان بکات، نەگەرەکییەتی لە ناو خەیاڵاتەکاندا ونمان بکات. وەك دەقێکی ئەدەبی واقیعی بوێرانە ژیانی ئەوانە دەنووسێتەوە کە لەوانەیە تەنها لەو رۆمانەدا پەراوێز نەخرابن.

پاش ئەوەی نانی رووتم خوێندەوە، بەسەرهاتێکی(رشتەی مرواری)ی عەلائەدینی سەجادیم بیر کەوتەوە، دەتوانین ناوەڕۆکەکەی بەو شێوەیە بخەینەڕوو"لەناو کۆمەڵە خەڵکێدا باوکێك باس لەوە دەکات، کە هیچ منداڵێکی نەبووە، تا چۆتە سەر فلانە شەخس و خودا ئەو کوڕەی پێبەخشیووە، کوڕەکەشی کە گوێی لەو قسەیەی باوکی دەبێت، دەڵێت ئەگەر شوێنی ئەو شەخسەم پێنیشانبدەن تا منیش بڕۆم داوای لێ بکەم باوکمم لێبستێنێت".

دیارە لە کۆمەڵگاکی رۆژهەڵاتدا بە گشتی باوك چەقی خێزان و کۆمەڵگایە، ئەو فەرمانەکان دەردەکات و تەواوی ئەندانەکانی خێزانیش دەبێت گوێڕایەڵ بن، لەو روانگەیەوە کە باوك کۆنترۆڵی ئازادییەکانی ئەندامەکانی خێزان دەکات، لەبری ئەوان بیر دەکاتەوە، ئارەزووەکان و حەزەکانیان دروست دەکات، تاك لەو شوێنەدا وەك کۆیلەیەك خۆی دەبینێتەوە، ئیدی بەڕەوای دەزانێت دژایەتی ئەو هێزە بکات کە ئازادییەکانی زەوت کردووە، چونکە بە لەناوبردنی هێزەکە جارێکی تر ئازادییەکانی بۆ دەگەڕێتەوە، جارێکی دیکە دەتوانێت وەك بوونەوەرێکی ئازاد رەفتار بکات و پەرە بە خەونەکانی خۆی بدات. ئەوەش لەو رۆمانەدا تێبینی دەکەین هەمان ئەو حالەتەیە، کوڕێك لە کۆمەڵگایەکی باوکسالاریدا لەدایك دەبێت، باوك هەق بەخۆی دەدات تەنانەت مافی ژیانیش لە کوڕەکەی بستێنێتەوە.

محەمەد لەناو قات و قڕییەکانی سەروەختی شەڕی دووەمی جیهانی لەدایك دەبێت، بەهۆی لاوازی باری ژیانیانەوە تەواوی خێزانەکەی شوێنی نیشتەجێ بوونی یەکەمی خۆیان جێدەهێڵن، لە گوندەوە بۆ شار کۆچ دەکەن، محەمەد کوڕی باوکێکی هەژار و توڕە، دایکێکی ئیشکەر، راستر بڵێین دایکێك شەڕ لەپێناو تێرکردنی خێزانێك دەکات و باوکێك"بێ کار دادەنیشێت و مێش دەکوژێت". محەمەد کاتێك دەبینێت باوکی دەست دەخاتە گەرووی براکەیی و دەیخنکێنێت، ئەوندەی دیکە رقەکەی ئەستوورتر دەبێت"تەنها کەسێك ئاواتی مردنی بخوازم باوکمە"، ئەویش لە خەیاڵی خۆیدا باوکی دەکوژێت، بەڵام ئەوە تەنها خەیاڵێك دەبێت و ناچێتە خانەی پراکتیزەکردنەوە. محەمەد لە کۆڵانە تاریك و سامناکەکاندا و لەسەر زبڵدانەکانی شاردا بەدوای لەتێك نانی فرێدراو رووتدا دەگەڕێت، یان لە قەراخ ئاوەکاندا ماسییەکی بۆگەن بوو دەدۆزێتەوە، کە هەموو جارەکان دوای خواردنی ژەمەکەی دەڕشێتەوە. لە هەژاری و برسێتی خۆیدا پەنا بۆ هەموو کارێك دەبات، لەگەڵ هەموو تاقم و گروپەکان دەمێنێتەوە، تەنانەت دەستەی بکوژەکان، قەحپەو گەوادەکان،

قاچاخچییەکان، دزو جەردەکانیش. هەمووش لەبەرامبەر ئەوەدا کە نانێکی رووتی دەست کەوێت. محەمەد ئەو منداڵە برسییەیە کە خۆی دەکات بە باخچەی ماڵە دەوڵەمەندەکاندا، لەپێناو لێکردنەوەی دانەیەك پرتەقاڵدا، خاوەن ماڵ کە باوکێکی دڵ رەقە دەیگرێت و ئازاری دەدات، لەژێر زەمینەکەدا زیندانی دەکات، لەوێدا محەمەد دەپرسێت بۆچی دەبێت ئەمان دەوڵەمەندبن و ئەوان برسێتی گازیان لێبگرێت، چما ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییانە لەکوێوە سەرچاوە دەگرن، نووسەر دەیەوێت لە رقی باوکدا لەرقی ئەو نێرینە دڵ رەقانەدا هەمیشە و بەردەوام رەگەزێکی فریشتە ئاسایانە بە مێینەکان ببەخشێت، بەڵێ ئەو لە ژێرزەمینی ماڵێکدا تەنها لەسەر دانەیەك پرتەقاڵ لەلایەن باوکێکەوە بەند دەکرێت بەڵام لەلایەن کچۆڵەیەکەوە نانیشی پێدەدرێت و ئازاد دەکرێت، کچۆڵەکە پێی دەڵێت ئەگەر هەر کاتێك برسیت بوو دەتوانیت بێیتەوە.

محەمەد لەترسی زیندووەکان روودەکاتە گۆڕستانەکان، لەوێدا لای مردووەکان، شەوەکانی بەئارامی تێپەڕ دەبن، بەڵام کوا کێ دەڵێت زیندووەکان رێگە دەدەن شەوان تەماشای ئەستێرەکان بکات، خەون بە لەتە نانێکی رووتەوە ببینێت.

ناوی کتێب: نانی رووت

نووسەر: محەمەد شوکری

وەرگێڕ: نەجاتی عەبدوڵڵا

بابەت: رۆمان

سالّ و شوێنی چاپ: چاپخانەی رەنج ، 2007